# ژیان گەڕانە بە دوای خۆشبەختیدا




**گفتووگۆیەک لەگەڵ هیوا قادردا**

**ئامادەکردنی: زانیار موحەمەد**

**زانیار موحەمەد: هەوڵێکی بەردەوام لەم ڕۆمانەتدا "منداڵێک لەسەر مانگە" هەیە بۆ چێژوەرگرتن لە جوانی، ئایە ئەمە سیفەتێکی سۆفیانە و گەردوونییە، یاخود حاڵەتێکی ئاسایی ئینسانە؟**
**ئایا خودا پێ گوتووین چێژ لە جوانی وەربگرین تا لەو نزیک بینەوە، یاخود گوتوویتی لە چێژ وەرگرتن لە جوانی خۆمان بەدوور بگرین تا لەو نزیکتربینەوە؟**

هیوا قادر: ئەم ڕۆمانە بە گشتی هەوڵدانە بۆ گەڕان بەدوای جوانیدا لە ڕێگەی هونەر و ئەدەب و دیینەوە، چێژوەرگرتنیش لە جوانی سەفەرێکە کە ئینسان لە ڕێی گەڕان و پرسیارکردنەوە دەستیدەکەوێت، چونکە جوانی شتێک نییە بوونێکی هەمیشەیی هەبێت، بەڵکە جوانی دەدۆزرێتەوە و دروستدەکرێت و هەمیشەش لەگەڵ گۆڕانی قۆناغەکانی ئینساندا خۆی دەگۆڕێت و ونده‌بێت، گەڕان مەرجی سەرەکی دۆزینەوەی جوانییە، بۆیە هەموو پاڵەوانەکانی ڕۆمانەکە لە سەفەر و گەڕاندان بۆ دۆزینەوەی جوانی. دەشبینین جوانی تا ئەوکاتە زیندووە کە توانای دیفاعکردنی هەبێت لە خۆی بەبێ زەوتکردنی ئازادی ئینسانی تر و جوانی تر، بەبێ فەرزکردنی خۆی وەک مانایەکی بێ هاوتا و نەگۆڕ. دۆزینەوەی جوانی گەیشتن نییە بە بەهەشت، بەڵکە دۆزینەوەی جوانی بەخشینەوەی مانای ئینسانە بە ئینسان خۆی، واتا جۆرێکە لە شێوازی ژیان بۆ تێگەیشتن و جوانکردنی ناشیرینییەکانی ژیان.
هیچ هێزێک ناتوانێت هەموو جوانییەکان بۆ خۆی زەوتبکات و ئەوانی تر بێ جوانی بکات، تەنانەت ئەگەر ئەو هێزە خوداش بێت. بینینی جوانییەکان سیفەتی سەرەتایی هەموو فەلسەفەیەکی ئینسانییە بۆ ئەوەی لە ڕێیەوە حورمەتی ئینسان بوون بەبەخشێتەوە بە ئینسان خۆی، هەموو هەوڵدانێکی مرۆڤایەتیش لەسەر ئەم

ئەستێرەیەی کە هەموومان لەسەری دەژین و هی هەموومانە، بۆ ڕزگارکردنی خۆیەتی لە ڕێگەی دۆزینەوە و پێدانی مانای تازە بە جوانی.
گەڕان بەدوای جوانی و چێژوەرگرتن لە دۆزینەوەی جوانی، تەنها سیفەتێکی سۆفیانە نییە، بەڵکە هەرە سیفەتی دیاری ئینسانە کە بۆتە هۆی ئەوەی لە بوونەوەرەکانی تری جیابکاتەوە. هەموو داهێنانە ئەدەبی و هونەریەکانیش کە کاری ئینسانە گەڕانە بەدوای جوانیدا.
تۆ پرسیووتە: ئایا خودا پێ گوتووین چێژ لە جوانی وەربگرین تا لەو نزیک بینەوە، یاخود گوتوویتی لە چێژ وەرگرتن لە جوانی خۆمان بەدوور بگرین تا لەو نزیکتربینەوە؟
وەکو لەسەر زمانی "**یاروەلی**" پاڵەوانی ڕۆمانەکە هاتووە: "گەر خودا جوانی بێت، چۆن لەزەتبردن لە جوانی گوناهە، گەر جەزبەی گەیشتن بەبەرقاپی خودا لە ڕێگەی عەشقەوەبێت، کەی عەشق گوناهە". ئەمە بیرکردنەوەیەکی سۆفیانەیە لە دەرەوەی هەموو ئەو خوێندنەوانەی ترەوە بۆ دیین، کە دیین دەکەنە پایەکانی دەسەڵات و دواتریش دەیکەنە سیستەمێکی بەڕێوەبردنی ناو کۆمەڵگا. چێژوەرگرتن لە جوانی لای سۆفییەک نزیکبوونەوەیە لە خودا، چونکە خودا خۆی جوانییە، گەر خوداش وابێت، ئیدی چۆن خودا مرۆڤ لەسەر لەزەتبردن لە جوانی و چێژوەرگرتن لە جوانی سزا دەدات.
لێرەوە خودای کەسێکی سۆفی و خودای کەسێکی فەناتیک یەک خودا نین، خودای سۆفییەک جوانییەکە پڕە لە پرسیار بۆ نزیکبوونەوە لە ڕووناکی و گەیشتن بە خودا، هەروەها ئینکارکردنی زاتە بۆ ئەوەی هێندەی تر لە خودای خۆی نزیکبێتەوە. بەڵام خودای فەناتیکێک هێزێکە لە توانایدا هەیە بکوژێت و ببڕێت بۆ ئەوەی تەنها جوانییەکی خودا فەرزبکات بەسەر هەموو جوانییەکانی تر داو بیکات بەدەستەڵاتێکی بێ چەندوچوون و بێ پرسیار. لێرەدا زاتی کەسی فەناتیک زاتێکی زاڵ و بەدەستەڵاتە و حەقی لەناوبردنی ئەوی لە خۆ نەچوو دەدات بەخۆی بە ناوی خوداوە.
من بۆ خۆم لە دەرەوەی هەموو قەناعەتێکی دینییەوە پێموایە گەر کەسێک توانای بینینی جوانییەکانی تری نەبێت، ناشتوانێت خودا وەک جوانییەک بدۆزێتەوە، ئەگەر پێتوابێت خودا خەلقکەری هەموو جوانییەکانە، ئەوا هیچ نەبێت دەبێت حورمەتی ئەو جوانیانە بگرێت کە خودا خاوەنییەتی، یەکێکیش لەو جوانییە هەرە دیارانەی خودا ئینسانە، کەواتە حورمەتگرتنی ئینسان بۆ خۆی، حورمەتگرتنی داهێنانە جوانەکانی خودایە، دیارە ئەو حورمەتگرتنە تەنها ئینسانیش ناگرێتەوە بەڵکە هەموو گەرد و بوونێکی سەر ئەم ئەستێرەیە و کۆی کەون دەگرێتەوە کە کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەسەر بوونی ئینسان هەیە.
بەڵام ڕیسکێکی زۆر گەورە هەیە لەبەردەم دۆزینەوەی جوانیدا لە ناو دیین و ئایدۆلۆژیا سەردەستەکاندا، بەتایبەتی ئەو کاتەی کە پەیامێک بە دۆزینەوەی جوانی بدەین، ڕیسکی تاکەکەسی لە گەڕان بە دوای جوانیدا لای هەندێک لە سۆفییەکان لەوکاتەوە دەستپێدەکات کە توانای پرسیاری لە ئاستی جوانی خودادا نامێنێت. لای کەسێکی فەناتیکیش لەوکاتەوە دەستپێدەکات و دەبێتە ڕیسکێکی گشتی کە بوونی خودا و گەیشتن بە جوانی بەزۆری شمشێر و کوشتن و تاڵانکردن دەستپێدەکات و کۆتاییەکەشی تەسلیمبوونی بێ چەندووچوون و کوشتنی پرسیارە لای هەمووان. دیارە هەمان ئەم ڕیسکەش بۆ دنیای ئایدۆلۆژیاکانیش ڕاستە کە لەدەرەوەی خۆی هەمووان بەدوژمن و ناڕاست دادەنێ.

هەر بۆیەشە لە مێژووی لەناوبردن و شەڕەکانی دینی ئیسلامدا دەیخوێنینەوە کە کەسێکی سۆفی لە چاوی کەسێکی فەناتیکدا لە کەسێکی زندیق ترسناکترە، چونکە سۆفیی عاشقی پرسیار و گەڕانە بەدوای جوانی خودادا و فەناتیکێکیش دوژمنی پرسیارە و غەرقی ناو حەقیقەتێکی بێ چەندوچوونە.
هەروەها دەبێ ئەوەش بزانین ترس و جوانی دوو جەمسەرن کە هەرگیز ناگەن بە یەکتری، بۆیە هەرگیز ناکرێت سەپاندنی مانای جوانی لە ڕێگەی ترسەوە بێت. ئەمەش یەکێکە لەو ڕیسکانەی کاتێک دروستدەبێت کە پەیامێک ببەخشرێت بە دۆزینەوەی جوانی و بینینی جوانی و لەتەزلیبردنی. پێدانی مانای حەقیقەت بە جوانی، کوشتنی جوانییە، جوانی هەرگیز ناتوانیت ببێتە حەقیقەتێکی موتڵەق، بەڵکە تەنها حەقیقەتێکی ڕێژەگەرایی و کاتییە و قابیلی گۆڕان و تازەکردنەوەیە.
تۆ سەیری سەپاندنی جوانی و بینینی جوانی و چێژ لێوەرگرتن لە نێوان ئەم دوو نمونەیەی فەناتیکێک و سۆفییەکدا بکە بەبێ هیچ گرنگی دانێک بەخودی دیین و بە خودی ئەو خودایەی کە هەم سۆفییەکە و هەم فەناتیکێک باوەڕیان پێیەتی.
سۆفییەک لە هیندستان کاتیک بەڕێدا دەڕوات بەرپێێ بە هێواشی گسکدەدات بۆ ئەوەی نەبا پێ بەسەر مێروویەکدا بنێت کە خاوەنی ڕۆحە و خودا دروستی کردووە، تەنانەت ئەو کاهووەی دەستیشی پێش خواردن کە دەیشواتەوە چەند گەڵایەکی سەرەتا ناشوواتەوە دەڵێ نەبا مێروویەک لەسەری گەرای دانابێت، بۆ ئەوەی تێربوونی من ژیانی سەدان گەرای سەر ئەو گەڵایانە نەکوژێت. فەناتیکێکیش بەناوی خوداوە چەقۆ لە ملی کەسێک دەنێت و سەریدەبڕێت بۆ ئەوەی ئەردی خودا لە کافران پاکبکاتە. ئەم دوو نمونەیە دوو نمونەن هەردووکیان لە پێناوی جوانیدا ئەم کارە دەکەن. ئایا خودا چەند نزیکە لەم دوو ئینسانەوە؟! ئایا جوانی لەم دوو هەڵوێستەدا چەندە دیارە و لەزەت لە جوانی لای ئەم دووانە لە کوێدان؟ کێ جوانی دەسەپێنێت و کێ مانای جوانی دەبەخشێت، ئایا خودا چەندە دەستی لەناو ئەم ڕێگایانەدا هەیە بۆ گەیشتن بە جوانی؟

**زانیار موحەمەد: گەیشتن بە خۆشبەختی وەکو لە ڕۆمانەکەتدا لێی دووایت، ڕێیەکی دەچێتەوە سەر خوداو ڕێیەکی دەچێتەوە سەر سەفەر؟ ئەمە وونبوون نییە لەناو ڕێگاکاندا؟ ئەدی گەیشتن بە خۆشبەختی سەرابە؟**

هیوا قادر: خۆشبەختی،ماڵیکە لە ناو جوانیدا، مادام جوانی سیفەتێکی بەردەوامی گۆڕانە، کەواتە خۆشبەختیش شتێک نییە هەمیشە و بەردەوام، خۆشبەختی جۆرێکە لە چێژوەرگرتنی ژیان لە ڕێگەی بیرکردنەوە و گەڕان بە دوای جوانیدا.
وەکو **دالای لامە** دەڵێت: "ژیان گەڕانە بە دوای خۆشبەختیدا". ئێمە هەموومان بە دوای خۆشبەختیدا دەگەڕێین، هەموو کارێکی ئێمە لە ژیاندا بۆ ئەوەیە بگەین بە خۆشبەختی. بەڵام ئایا خۆشبەختی چەندە مانایەکی کۆ و چەندە مانایەکی تاکەکەسی هەیە. ئایا خۆشبەختی لە ئێستادایە و لە ناو ژیاندایە، یاخود لە دوایدایە و لە دنیایەکی تردا؟ ئایا خۆشبەختییەکی هەمیشەیی چەندە جوانی تێیدا سەرفرازە و چەندە جوانی تێیدا ونە؟ ئایا دیین بەبێ مژدەی خۆشبەختی تا چەند دەتوانێت بژی؟ ئایا مژدەی خۆشبەختی دیینەکان بۆ هەمیشە زۆرینەیان خۆشبەختییەکانیان دواخستووە بۆ دنیایەکی تر؟ دیارە هەموو ئەم پرسیارانە کە ئێستە ڕووبەڕووی

دینمان کردنەوە بۆ ئایدۆلۆژییەکان و بۆ هەموو پرسیارە فەلسەفییەکانی ئینسانیش ڕاستە.
دیارە من بۆخۆم پێموایە خۆشبەختی لە ژیاندایە و نابێت هەڵبگیرێت بۆ کاتێکی تر و بخرێتە دەرەوەی ئەم دنیایەی کە ئێستا هەیە، بەشێکی گرنگی خۆشبەختیش زۆر تاکەکەسیانەیە و لەسەر گەڕانەکانی ئینسان خۆی کەوتووە، لەبەر ئەوە خۆشبەختی هەمیشە نادرێت، بەڵکە خۆشبەختی دەدۆزرێتەوە بە هەموو ئەو مانا جۆراو جۆر و ڕێژەگەراییەوەی کە هەیەتی.
خۆشبەختی لای سۆفییەک بۆ ئەوەیە ڕێگاکەی بچێتەوە سەر جوانی خودا و دۆزینەوەی ئەو، بەڵام ئایە ئەم خۆشبەختییە، خۆشبەختییەکی هەتاهەتاییە یان پڕە لە گومان و پرسیارکردن؟
گەڕان بەدوای خۆشبەختیدا ئەو سەفەرەی ئینسانە کە بەژیاندا دەیکات، ئێمە هەمووومان سەفەردەکەین، هەموومان دێین و دەڕۆین، لێرەوە ماناکانی خۆشبەختیش بەسەر ماناگەلێکی بێ شوماردا دابەشدەبێت، پەیوەندی بەوەوەیە تۆ تا چەند باوەڕت بە ئەبەدییەت هەیە، ئایا شتێک هەیە ئەبەدی و نەمرو زیندووبێت؟ ئەم پرسیارانە توێشووی ئەو سەفەرە کورتەی تۆن لە گەڕان بەدوای خۆشبەختیدا کە لە ژیاندا ئەزمونی دەکەیت.
دۆزینەوەی خۆشبەختی تەنها پابەند نییە بە دیین و ئایدۆلۆژیاکانەوە، ئەمە بەشێکی خۆشبەختییە کە پەیوەندی بە کۆوە هەیە، بەڵام خۆشبەختی تاکەکەسی پەیوەندی بە ئاستی چێژوەرگرتنی تۆوە هەیە لەبەردەم جوانیدا، پەیوەندی بەو ئاستی تێڕامان و مەعریفەیەوە هەیە کە هەمیشە لە گۆڕان و خۆتازەکردنەوەدایە. ئەمانە ئەو هۆکارانەن کە لە پشتی ڕێژەگەرایی خۆشبەختی تاکەکەسییەوەن.
زۆرینەی ئەو خۆشبەختیانەی کە هەتاهەتایین خۆشبەختییەکن ئینسان مانای ئینسان بوونی خۆی تەسلیم بە هێزێکی لەخۆی گەورەتر دەکات بۆیە هەر زوو پرسیار تێیدا هێزی خۆی لەدەستدەدات و دەمرێت. دیارە لێرەدا قسەم لە خۆشبەختی باش و خراپ نییە، خۆشبەختی دابەشنابێت بەسەر دوانەیەکی دوالیزمیدا، چونکە ئەو کاتەی کە دابەشمانکرد، مانای ئەوەیە پەیامی دەدەینێ، وەک مانای جوانی گەر پەیامێکی بدەینێ ئەوا دووچاری ڕیسکێکی دەکەین کە دواتر دەبێتە هۆی کوشتنی ئازادی ئینسان و لەناوبدنی ئینسان بەناوی جوانییەوە.
خۆشبەختی هەمیشە کاتییە، چونکە ئەو لەناو مانای جوانیدا دەژی کە هەمیشە لە گۆڕاندایە، بۆیە هەمدەم بانگەوازی خۆشبەختی هەمیشەیی باشترین شوێنە بۆ سەرهەڵدانی ئەو ڕیسکانەی کە ئینسان تووشی زەلیلی دەکەن.
ماناکانی خۆشبەختی، پەیوەندی بە قەناعەتی ئێمەوە هەیە بۆ ئەبەدییەت، بۆ خودا، بۆ چێژوەرگرتن لە جوانی، بۆ ئەو پرسیارانەی کە هەمیشە سەوزن و چرۆی تازە دەکەن لە ناو کێڵگەی مەعریفەدا.

**زانیار موحەمەد: چارەنووسی مردن لەم ڕۆمانەدا وجودێکی بەردەوامی هەیە و تێیدا چەندین پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە بە ئاسانی تووشی دەبن، یاخۆ مردن بۆچی بەئاسانی دێت و پاڵەوانەکانی ڕۆمانەکەش بەئاسانی تەسلیمی دەبن؟ یاخود ئەوە چییە لە مردندا وەهای کردووە پانتاییەکی زۆری ڕۆمانەکە قۆرخ بکات؟**

**هیوا قادر:** تۆ ڕاست دەکەیت وایە، ئەمەش کۆمەڵێک هۆکاری هەیە، یان من هەرئەوەندە توانای

پارێزگاریکردنی ژیانی ئەو کەسایەتیانەم هەبووە کە لە ڕۆمانەکەدان، یاخود هۆی کورد بوونی منە کە مردن هەمیشە لێم نزیکبووە و لە نووسینیشدا ناتوانم لێی ڕابکەم، یان لەیادوەری مندا بە ئاسان تەسلیمبوونێک هەیە لەبەردەم مردندا کە ئەمەش پەیوەندی بە ژیانی تاکەکەسی خۆمەوە هەیە. بۆ نمونە مردن لە بەرهەمی شیعریی مندا هەمیشە لە پاڵ ژیاندا بوونی هەیە و پرسیارێکە چەندان جار دووبارەبۆتەوە، بۆئەوەی باشتر لەلای من لە مانای مردن بگەیت خراپ نییە گەر شیعری "ئەو ڕۆژەی دەمرم باران لە پەنجەرەکەم دەدات" بخوێنیتەوە.

ئەمانە ڕەنگە هەموویان ڕاستبن، بەڵام دیوێکی تریشیان هەیە کە پەیوەندی بە مێژووی بیرکردنەوەی ئەو کەسایەتیانەوە هەیە کە لە ڕۆمانەکەدان. دیارە جیا لە گێڕەرەوەی ڕۆمانەکە، کەسایەتییەکانی تر هەم یاروەلی و سیاو ڕاژۆ ئەو کەسایەتیانەن کە زۆر نزیکن لە مەرگەوە، سۆفییەک و منداڵێکی کەمئەندام و شۆڕشگێڕێکی ڕووخاو، هەرسێک لەمانە لە مەرگ نزیکترن وەک لە ژیان، ئەمان ئەوەی بە ژیانیانەوە دەبەستێتەوە خەوبینینە، لە ڕێگەی خەونەوە دەیانەوێت جاریکی تر بێنەوە ناو ژیان بەو چەشنەی کە دەیانەوێت، کاتیکیش کە دەزانن ناتوانن و سەرکەوتوونابن لە ژیان هەڵدێن، ئەوەی کە لە ژیانیش هەڵهات زوو تەسلیمی مردن دەبێت. ئەوەی وادەکای مردن خۆیمان زۆر لێ نزیک نەکاتەوە شێوازی ژیان و گەرموگوڕییەتی، ئینسان تا خۆی خۆشبوێت و حورمەتی خۆی وەک ئینسان بگرێت مردن لێی بەدووردەبێت، واتا ئەوە خۆشەویستیمانە بۆ ژیان کە مردنمان لێ دووردەخاتەوە. کە تۆ ژیانت خۆش نەویست، ئەوا ئامادەیت لە پێناوی بێ ماناترین شتدا بیدۆڕێنیت و بمریت.